

# راپۆرتی ساڵانە

## عێراق 2023

ICRC

راپۆرت



Mike Khalaf/ICRC

# هەلومەرجی 2023

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، کە لە دەسپێکی جەنگی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی 1980وە لە عێراقدا ئامادەیی هەیە، کاردەکات بۆ بەدەمەوەچوونی لێکەوتە مرۆییەکانی ناکۆکیە چەکداریەکان و دۆخەکانی دیکەی توندوتیژی. هەرچەندە ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بەرفراوانەکان کۆتاییان پێهاتوە، و گرنگی زیاتر دراوە بە هەوڵەکانی بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوە؛ بەڵام ملیۆنان کەس لە سەرانسەری عێراقدا هێشتا پێویستیان بە کۆمەکی مرۆیی هەیە.

وەکو بەشێك لە ئۆپەراسیۆن و چالاکیەکانی لە وڵاتدا، نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراق هەوڵ دەدات دڵنیابێت لەوەی کە:

- ئەو کەسانەی لە ئازادی بێبەش کراون، سوودمەند دەبن لە هەلومەرجی ژیانی گونجاو، لە دەستوێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان و پارێزگاری لێیان لەدژی مامەڵەی ناپەسەند. هەروەها جێشوێنیان ئاشکران.
- پڕۆسەی گەڕان بەدوای کەسانی بێ سەروشوێن ئەنجام دراوە، شوناس و چارەنووسیان یەکلایی کراوەتەوە، هەروەها خێزانە بێدەرەتەکانی کەسە بێ سەروشوێنەکان توانستیان باشتر دەکەن بۆ روبەڕوبوونەوەیان لەگەڵ مەینەتیەکانی پەیوەست بە بێ سەروشوێنی کەسە نزیکەکانیان.
- مافی ئەو لێقەوماوانەی کە دەشێت توشی توندوتیژی ببنەوە لەڕوی پارێزگاریکردن و دەسوێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان رێزیان لێگیراوە، ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و هاوبەشەکانی بزوتنەوەی مانگی سوور/خاچی سوور.
- ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، دەتوانن دەستیان بگات بەو بەرنامە و خزمەتگوزاریانەی کە یارمەتیان دەدات توانای تەواویان لە کۆمەڵگادا بەدەست بهێنن.
- توانستە دامەزراوەیی و ئۆپەراسیۆنەکانی مانگی سووری عێراقی بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیە سەرهەڵداوەکان بەهێزتر بوون لە ئەنجامی پشتگیری هەماهەنگکراو لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و هاوبەشەکانی بزوتنەوەی خاچی سوور/ مانگی سوور.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور گفتوگۆی بەردەوام دەکات لەگەڵ دەسەڵات و لایەنە پەیوەندارەکان و دانیشتوانی زیانلێکەوتوو، هەروەها ئامانجیەتی بە هاوبەشی لە ناوەوە و دەرەوەی بزوتنەوەی (مانگی سوور/ خاچی سوور) کاربکات بۆ زێدەکردنی کاریگەری و پەیوەستی کارەکانی. هەروەها ژینگەیەکی گشتگیر، هەمەچەشن و ئەرێنی بۆ هێزی کار بەرەوپێشدەبات.

لە ساڵی 2023، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوامی دا بە کاروچالاکیەکانی بۆ دڵنیابوونەوە و دەستەبەرکردنی پارێزگاریکردن و کۆمەکی مرۆیی بۆ لێقەوماوانی ناکۆکیە چەکداریەکان و دۆخەکانی دیکەی توندوتیژی لە عێراقدا. هەروەها هەوڵی داوە رێگری لە ئازارچەشتن بکات لەڕێی بەرەوپێش بردن و بەهێزکردنی یاسای مرۆیی و بنەما مرۆییە جیهانیەکان. زۆرێک لە کاروچالاکیەکانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری نزیک لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی ئەنجامدرا.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور قەبارەی دامەزراوەیی خۆی لە عێراق بچوک کردەوە بۆ ساڵی 2024، کە ئەمەش بریتین لە نێردەی سەرەکی لە بەغدا و چوار لقی نێردە لە موسڵ، هەولێر، بەغدا و ناسریە، هەروەها نوسینگەیەکی هەمیشەییش لە رەمادی.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، وەک رێکخراوێکی بێ لایەنی سەربەخۆ، بەپێی ئەرک و راسپێری خۆی کاردەکات، کە سەرچاوەی گرتوە لە رێککەوتننامەکانی جنێڤی ساڵی 1949 و پرۆتۆکۆڵە زیادکراوەکانی، و پەیڕەونامەی بزوتنەوەی خاچی سوور و مانگی سووری نێودەوڵەتی هەروەها بڕیارنامەکانی کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکانی خاچی سوور و مانگی سوور. وەک رێکخراوێکی جیاوازی نەکەر و سەربەخۆ، جەخت دەخاتەسەر مسۆگەرکردنی پارێزگاریکردن و کۆمەکی مرۆیی بۆ لێقەوماوانی جەنگ و دۆخەکانی دیکەی توندوتیژی. هەروەها کاردەکات بۆ بەدەمەوەچوونی حاڵەتە فریاگوزاریەکان، لە هەمان کاتدا یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی و جێبەجێکردنی لە یاسای نیشتیمانیدا بەرەوپێش دەبات.


Pawel Krzysiek/ICRC

# ئەو کەسانەی لە ئازادی بێبەشکراون

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پەیوەست دەبێت بە پابەندبوونەکانی لە راگرتنی مافەکان و کەرامەتی دەستبەسەرکراوان لە عێراقدا، ئەمەش بە رێنمایی پرەنسیپەکانی یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی. لەرێی سەردانە بەردەوامەکانمان کە بەوپەڕی پارێزبەندیەوە ئەنجام دەدرێن، هەوڵ دەدەین دەرفەتی گفتوگۆی کراوە لەگەڵ دەسەڵاتداران فەراهەم بکەین، بە مەبەستی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی هەر نیگەرانیەکی مرۆیی کە دەشێت سەرهەڵبدات. لە رێی بەشداریکردن لە چاوپێکەوتن لەگەڵ دەستبەسەرکراوان، هەوڵ دەدەین دڵنیابین لەوەی کە مافە بنەڕەتیەکانیان پارێزراوە، لەوانەش دەسوێڕاگەیشتن بە پرۆسەی دادوەری دادپەروەرانە و هەلومەرجی گونجاوی ژیانکردن.

سەرەرای ئەوەش، ئێمە لە نزیکەوە کار دەکەین لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندارەکان کە بەشدارن لە پرۆسەی دەستبەسەرکردندا، بەمەش هاوبەشی کردن لە برەودان بە پەیرەو و چوارچێوە یاساییەکان بە ئامانجی پاراستنی ماف و خۆشگوزەرانی دەستبەسەرکراوان.

هەروەها هەوڵ دەدەین ئازارەکانی خێزانەکانیان کەم بکەینەوە، بە تایبەتی لەرێی گەڕاندنەوەی پەیوەندیی نێوان دەستبەسەرکراوان و کەسوکاریان لەرێی نامەکانی خاچی سوورەوە.

### سەردانی گرتوخانەکان

- ئەنجامدانی کۆی 96 سەردان بۆ 39 گرتوخانە، کە زیاتر لە 55,000 دەستبەسەرکراو تێیاندا گلدراونەتەوە.
- نزیکەی 4 لە هەر 5 دەستبەسەرکراوێک لەو گرتوخانانەدا کۆمەکیان لە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە وەرگرت، لەوانەش کەلوپەلی پاکژی، جل و بەرگ، بەتانی و پشتگیری ژێرخانی بۆ ئاو و ئاوەڕۆ، هەروەها چالاکیەکانی پەیوەست بە تەندروستی.
- زیاتر لە 2,400 دەستبەسەرکراو لەلایەن نێردراوانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەدواداچوونی تاک کەسیان بۆکرا.
- زیاتر لە 4,700 نامەی خاچی سوور لە دەستبەسەرکراوان وەرگیرا و کۆکرایەوە و زیاتر لە 1,900 نامە بەسەریاندا دابەشکرا. هەروەها زیاتر لە 500 سەلامات (نامەی زارەکی بۆ ئەندامانی خێزان) لە بەرژەوەندی دەستبەسەرکراوان ئاڵوگۆڕکرا.
- جگە لەمانەش، 1,860 بەڵگەنامە دابینکرا بە هاوبەشی لەگەڵ مانگی سووری عێراقی، کە گەواهیدەر بوون بۆ دەستبەسەرکردنی دیلەکانی پێشووی جەنگ، یان ئەوانەی لە میانی ناکۆکیە چەکدارەکانی رابردودا گیرابوون و لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە لە گرتوخانەکاندا بینرابوون.

### پەیوەندی و داکۆکیکردن

- ئەنجامدانی گفتوگۆی دەسپێشخەریانە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقی و باڵیۆزخانەکان سەبارەت بە بارودۆخی چەکدارە بیانیەکان و خێزانەکانیان بەردەوامی پێدرا.
- هەروەها کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لەگەڵ راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی پەیوەندی کرد بۆ پەرەپێدانی پەیڕەوێکی گشتگیری نیشتمانی لەسەر بەڕێوەبردنی مەلەفی چاکسازی لە عێراق.
- بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان سەبارەت بە دەستوێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی لە گرتوخانەکاندا، لەوانەش بۆ نەخۆشیە درمیەکان وەکو سیل.



Mike Khalaf/ICRC

# کەسە ونبوەکان و خێزانانیان

زۆر کەس لە جەنگەکاندا بێ سەروشوێن دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئازار و نادڵنیایی بۆ خێزانەکانیان و هاوڕێکانیان. لە چوارچێوەی هەوڵە جیهانیەکانی دەزگای ناوەندی سۆراخکردن، -یەکێک لە کۆنترین دامەزراوەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور کە چەسپێنراوە لە ڕێککەوتننامەکانی جنێڤدا-، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەوڵ دەدات پەیوەندیی نێوان ئەندامی خێزانە دابڕاوەکان بگەڕێنێتەوە، بگەڕێت بەدووی کەسە ونبوەکان و شوناسیان دەستنیشان بکات، پارێزگاری بکات لە کەرامەتی مردوان، هەروەها دڵنیابێتەوە لەوەی کە پێداویستیەکانی خێزانەکانیان لە عێراقدا دابین دەکرێت.

نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لەڕێی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و یاوەریکردنی خێزانانی کەسە بێ سەروشوێنبوەکان ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات، هەروەها پشتگیریکردنی لایەنەکانی پزیشکی دادوەری و دەسەڵاتدارانی دیکە و لایەنە پەیوەندارەکان. هەر لە پشتگیری بۆ ئۆپەراسیۆنی ڕۆژانە تا پەرەپێدانی پەیڕەوکاریی و یاسایی، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەوڵ دەدات دڵنیابێت لەوەی پابەندبوونەکان بە یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی جێ بەجێ دەکرێن، لەوانەش مافی خێزانان بۆ زانینی چارەنووس و جێوشوێنی ئازیزە ونبوەکانیان.

لەم هەوڵەدا، تیمی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراقدا لە نزیکەوە کاردەکات لەگەڵ تیمەی وڵاتانی دیکە و ئەندامانی بزوتنەوەی مانگی سوور/خاچی سوور لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق، بۆ ئەوەی وەڵامێکی هەمەلایەنە بەردەست بخات بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی حاڵەتەکانی بێ سەروشوێن بوون کە لە ئەنجامی دەیان ساڵ لە ناکۆکی و توندوتیژی لە عێراقدا هاتونەتە ئاراوە. ئەمە سەرۆکایەتی کردنی لێژنە سێ قۆڵیەکانیش دەگرێتەوە بۆ رونکردنەوەی چارەنووس و جێوشوێنی ئەو کەسانەی لە میانی دوو جەنگی کەنداوی عێراق- ئێران و عێراق-کوەیت بێ سەروشوێن بوون.

## یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ونبوان

- زیاتر لە 1,500 حاڵەتی نوێ کۆکرانەوە و راپۆرتکران بۆ کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور وەکو حاڵەتی ونبوون لە عێراقدا. لە هەمان ماوەدا، چارەنووسی 361 کەسی بێ سەروشوێن کە تۆمار کرابوون لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور یەکلایی کرایەوە، لەنێویاندا لەرێی شوناسکردنی 61 ئێسک و پروسکی مرۆیی، کە دەگەڕێنەوە بۆ کاتی دوو جەنگی کەنداو، لەلایەن دەسەڵاتدارانی پزیشکی-دادوەری، کە یەکلاییکردنەوەیان زۆر پێویست بوون بۆ کەسوکارانی کەسە ونبووەکان.

## برەودان بە مامەڵەی شکۆمەندانە لەگەڵ مردوان

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری گرنگی پێشکەش بە ناوەندی شەهیدانی ئەلزوبێر لە بەسرە کرد. ئەم ناوەندە کۆگایەکی بەرچاوە و زیاتر لە 30,000 تۆماری ئێسک و پروسکی مرۆیی تێدایە، کە بەزۆری پەیوەستن بە دوو جەنگی کەنداوەوە. زیاتر لە 45,000 فۆڕم بەدیجیتاڵ کراون، کەلوپەلە کەسیەکان وێنەیان گیرا و بەبەڵگەنامە کران و زیاتر لە 1,660 گۆڕ نیشانکران. هەروەها بە پشتگیری کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، ناوچەیەکی تایبەت بۆ ئەو خێزانانەی کە بۆ شوناسکردنی ئازیزانیان دێن، نۆژەن کرایەوە.
- یەکەی پزیشکی-دادوەری موسڵیش سوودمەند بوو لە دانانی ژوورێکی سارد بۆ دڵنیابوون لە پارێزگاریکردن و مامەڵەی شکۆمەندانەی مردوان.
- گۆڕستانێک لە ئەلبرجسیە بە پشتگیری کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پەرژین کرا بۆ پارێزگاریکردن لە نێژراوەکان و ئێسک و پروسکە مرۆییە نەدۆزراوەکان.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور ئامۆژگاری تەکنیکی بەردەوامی پێشکەش بە دامەزراوەکانی پزیشکی-دادوەری کرد و چەندین دانیشتنی راهێنانی سازدا لەسەر باشترین پراکتیکەکان لە خزمەتگوزاریەکانی پزیشکی دادوەریدا. ئەمەش رۆڵی هەبوو لە بەدەستهێنانی بڕوانامە لە بەڕێوەبردنی کوالێتی بۆ چوار تاقیگە.

## پشتگیری بۆ خێزانانی کەسە ونبووەکان

- بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیە دەروونی، دەروونی -کۆمەڵایەتی، ئابووری، یاسایی و کارگێریەکانی خێزانانی کەسە ونبوەکان، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەرنامەی یاوەریکردنی فرە پسپۆڕی خۆی بەردەوامی پێدا و مەزنی کرد بۆ ئەوەی بگات بە 224 خێزان لە چەند ناوچەیەک لەوانەش سەقڵاویە، کەرکوک، خودەر/حامیە، شاریە، سنجار، هەروەها تەلەعفەر/ئەبوماریا.
  - نۆژەنکردنەوەی بەشی کۆمەڵایەتی لە سەقڵاویە زیاتر یارمەتی ئاسانکاری کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم جۆرە چالاکیانەی بەرنامەی یاوەریکردن.
  - سەرەڕای ئەوەش، کۆی 34 یاوەر، هەروەها خێزانانی کەسە ونبوەکان راهێنانیان پێکرا لە بوارە جوداکانی وەک دروستی دەروونی، بەرنامەکانی پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی، پارێزگاریکردن، یاسایی، پرۆسەکانی پزیشکی دادوەری، بۆ باشتر یارمەتیدانی خێزانەکان لە ناوچەکانی خۆیان.
  - زیاتر لە 4,400 کەس سوودمەندبوون لە چالاکیەکانی دروستی دەروونی و دەروونی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بەرنامەی یاوەریکردندا.
- بەدەر لە رێنوێنی کردنی هەستیاری و یاسایی، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور یارمەتی خێزانەکان دەدات بۆ دابینکردنی پێداویستیە گرنگەکانیان و تا بتوانن داهاتێکی بەردەوام دابین بکەن. 150 خێزان پشگیری کران لەرێی کۆمەک کردن بە پارەی نەختینە بۆ دەستپێکردن و پەرەپێدانی بیزنسی بچوک.

## پەیوەندی و داکۆکیکردن

- لە ساڵی 2023 دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پەیوەندیەکانی و بەشداریکردنی خۆی لە ئاستەکانی یاسایی و پەیڕەویی بەردەوامی پێدا، بە تایبەتی بۆ راوێژدان لە پەرەپێدانی رەشنووسی یاسایەک لەسەر کەسە ونبوەکان و سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی زانیاریەکان.


Mike Khalaf/ICRC


Mike Khalaf/ICRC


Mike Khalaf/ICRC


Mike Khalaf/ICRC

# لێقەوماوانی دۆخی تەنگەتاوی مرۆیی

پارێزگاریکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە کاتی ناکۆکی چەکداریدا، لەوانەش گروپە لاواز وبەرگەنەگرەکان وەکو ژنان، منداڵان و ئاوارەکان بەردی بناغەی یاسای مرۆیی نێونەتەوەییە. بە هەمان شێوە، کارمەندانی چاودێری تەندروستی، کارمەندانی پزیشکی-دادوەری، کارمەندانی بەدەمەوەچوونی دەستبەجێ و کارمەندانی مرۆیی، پێویستە پارێزراو بن و بتوانن بەبێ بوونی بەربەست کارەکانیان جێبەجێ بکەن، کە کاتی رووداوی قوربانی لێکەوتنەوەی بەکۆمەڵیش دەگرێتەوە. وەکو پەرەپێدەر و پارێزگەری یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەوڵ دەدات دڵنیابێت لەوەی کە وڵاتانی لایەن لە رێککەوتننامەکانی جنێڤ بەڵێن دەدەن رێزبگرن و دڵنیایی رێزگرتن بۆ رێککەوتننامەکانی جنێڤ لە هەموو باروودۆخێکدا دەدەن.

لە ماوەی ساڵی 2023 دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و رۆڵگێڕە کاریگەرەکان بەردەوام کرد بۆ پێشخستنی رێزگرتن لە یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی. هەروەها بەردەوام بوو لە پشتگیری کردنی گروپە بەرگەنەگرەکان، لەوانەش ئاوارە و گەڕاوەکان، هەروەها بەردەوامی بە پشتگیریەکەی دا بۆ دەسەڵاتداران بۆ چارەسەرکردنی دەرئەنجامەکانی جەنگ لە چوارچێوەی باژێڕدا. هەروەها بە هاوکاریکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی بزوتنەوە و دەسەڵاتداراندا، ئامادەکاری و بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری برەوپێدا، بە تایبەتی بە گرنگی پێدان بە بەڕێوەبردنی رووداوەکانی قوربانی لێکەوتنەوەی بەکۆمەڵ.

### پشتگیری چاودێری تەندروستی

- پشتگیری پێشکەش بە 7 نەخۆشخانە کرا بە دابینکردنی کەلوپەل، بە تایبەت بۆ ئامادەکاری یان بەدەمەوەچوونی رووداوی قوربانی لێکەوتنەوەی بەکۆمەڵ.
- پشتگیری پێشکەشکرا بۆ 13 بنکەی چاودێری تەندروستی سەرەتایی (لەوانەش 5 کلینیکی تەندروستی گەڕۆک)، بە دابین کردنی کەلوپەلی یەک بەکارهێنان و پشتگیری دارایی پەیوەست بە تێچووی بەڕێوەبردن.
- نزیکەی 740 کەس لە بواری فریاکەوتنی سەرەتایی و چاودێری فریاگوزاری پێش- نەخۆشخانە، راهێنانیان پێکرا.
- پەرەپێدانی 2 ناوچەی تایبەتمەند بۆ خزمەتگوزاریەکانی دروستی دەروونی و پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی.

### کۆمەکی فریاگوزاری و پشتگیری بژێوی

- زیاتر لە 6,600 خێزان (39,600 کەس) پشتگیری کران بە کۆمەکی فریاگوزاری بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیە هەنوکەیەکانیان.
- جگە لەوەش، 4,650 خێزان (27,800 کەس) توانیان ئابوری ماڵەکانیان سەقامگیر بکەن و بەردەوامی پێبدەن، ئەمەش سوپاس بۆ دەسوێڕاگەیشتنی باشتر بۆ دەرفەتەکانی داهات لەرێی کۆمەکی پارەی نەختینە بۆ بیزنسی بچوک یان چالاکی پەیوەست بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ.

### دابینکردنی ئاو و پەرەپێدانی ژێرخان

- 27,640 کەس سودمەندبوون لە سیستەمە باشترکراوەکانی دابینکردنی ئاو.
- پەرەپێدانی پلانی خزمەتگوزاریەکانی ئاو بۆ شاری تەلەعفەر لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی نەینەوا.

### بەڕێوەبردنی باری قوربانی لێکەوتنەوەی بەکۆمەڵ

- پرۆژەی تاقیکاری بەڕێوەبردنی قوربانی لێکەوتنەوەی بەکۆمەڵ لە ناسریە تەواو کرا، لەمیانیدا پەرەپێدانی پلانی بەڕێوەبردنی باری قوربانی لێکەوتنەوەی بەکۆمەڵ و سازدانی مەشقێکی بەواقیع شوبهاندنی فرەدەزگایی تەواو لە کانونی دووەمی 2023، کە زیاتر لە 100 بەشداربووی لەخۆگرت.

### پشتگیریکردنی گەڕاوەکان و هاوکاریکردن بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژیان

- پشتگیری بۆ چاککردنەوە و دووبارە بنیاتنانەوەی خانو بۆ 283 خێزانی گەڕاوە لە قەرەغول وەک بەشێك لە بەرنامەی گەڕانەوەی دوورمەودای سەربە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور.
- 360 خوێندکار باشتر دەستیان گەیشت بە دامەزراوە پەروەردەییەکان لە (باسمە) دوای درووست کردنەوەی خوێندنگەکە.

### پەیوەندی و داکۆکیکردن

- پەیوەندی رۆژانە لەگەڵ ئەرک پێراسپێراوان و رۆڵگێڕە کاریگەرەکان لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیانی مەدەنی، ئەنجامدانی کارەجەنگیەکان، دەستوێڕاگەیشتنی پارێزراو و سەلامەت بۆ کارمەندانی تەندروستی، جێبەجێکردنی یاسا، گەڕانەوە و چارەسەری دوورمەودا، لەنێو ئەوانی دیکەدا.


Mike Khalaf/ICRC

# کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

لە ساڵی 2023 دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوامیدا بە پەیوەندیکردنی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوەیەکی کاریگەر دەگەن بە خزمەتگوزاریەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی بەردەوام و بەرزە کوالێتی و ئامێرە یاریدەدەرەکان. بەدەر لە خزمەتگوزاریەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەروەها پشتگیری لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد بۆ پێشخستنی لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتی و ئابوری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆمەڵگاکانیاندا، ئەوەش لەرێی وەرزشی گونجاوکراو، پەروەردە و دەستپێشخەریەکانی خۆ بژێوی دەستهێنان. لە کۆتاییدا، هەوڵیدا رێگری بکات و مەترسیەکانی پەیوەست بە پاشماوە تەقەمەنیەکانی جەنگ و مین کەم بکاتەوە، ئەوەش لەرێی سیمیناری هۆشیارکردنەوە لەو کۆمەڵگایانەی مەترسیان لەسەرە. تەنها لە ساڵی 2023 دا، 18% لە سودمەندبووان لە سێ ناوەندی پشتگیری کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراق بەرکەوتە و بریندراری پاشماوە تەقەمەنیەکانی جەنگ و مین بوون.

### پشتگیری لە کارەکانی بنکەکانی بوژاندنەوە جەستەیی

- لە ساڵی 2023 دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری دابینکرد بۆ کۆی 4 بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی حکومی و یەک بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی سەربە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە هەولێر. بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی (سەدرئەلقەنات) لە بەغدا سوودمەندبوو لە لە کارەکانی نوژەنکردنەوە و فراوانکردن، لە کاتێکدا کە دیزاین بۆ کارە هاوشێوەکان لە بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی لە ناسریە پەرەی پێدرا.
- هەروەها بەردەوام بوو لە دابینکردنی خزمەتگوزاری بوژاندنەوەی جەستەیی راستەوخۆ لە بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی لە هەولێر کە لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە بەڕێوەدەبرێت.
- هەروەها کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوامی بە پەیوەندیەکانی خۆی هێنا بۆ پشتگیری لە دەستوێراگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکانی بەرز کوالێتی، لەوانەش پشتگیری لە دابینکردنی کەلوپەلی هاوردەکراو و راهێنانی کارمەندان لە بنکە حکومیەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی.
- زیاتر لە 14,300 ژن، پیاو و منداڵ سودمەندبوون لە خزمەتگوزاریەکانی بنکە بوژاندنەوەی جەستەییە حکومیەکان کە لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە پشتگیریان دەکرێت یان بنکەی بژوناندنەوەی جەستەیی هەولێر.
- سەرەرای ئەوەش، بە گشتی 308 خێزان لەنێویاندا کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت رەوانەی چالاکیەکانی بەدەستهێنانی داهات کران بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەتوانن پێویستیە سەرەکیەکانیان بە شێوەیەکی بەردەوام دابین بکەن.

### راهێنانەکان

- 30 تەکنیککار لە بنکەی بوژاندنەوە جەستەییە جیاوازەکاندا لە سەرانسەری وڵاتدا بەردەوامن لە وەرگرتنی راهێنان لەسەر پەلی دەستکرد و پاڵپشتی دەستکرد لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، وەکو بەشێک لە پرۆگرامی بەکالۆریۆس کە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور دامەزراوە. هەندێکیان سودمەندبوون لەوەی کە جێگیرکراون لە بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی هەولێر و کار دەکەن لەوێدا.

### پشتگیری دارایی

- 271 کەس پشتگیری داراییان وەرگرت بۆ دابینکردنی تێچووی گواستنەوە لە شوێنی خۆیانەوە بۆ بنکەکە و دواتریش گەڕانەوەیان.

### خاوەن پێداویستی و لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتی

- لە تشرینی یەکەمی 2023 پاڵەوانێتی تۆپی پێی پەل براوەکانی عێراقی رێکخرا لە بەغدا، بە بەشداری کردنی پێنج تیپ کە پێکهاتبوو لە 78 یاریزان لە پارێزگا جیاجیاکانەوە، ئەمەش وەکو بەشێک لە بەرنامەی لە خۆگرتنی کۆمەڵایەتی.

### کەمکردنەوەی کاریگەری پیسبوون بە چەک

- نزیکەی 6,000 کەس لە کۆمەڵگە مەترسی لەسەرەکان یان زیانپێکەوتوەکان پشتگیری کران لە رێی دانیشتنی روبەڕووی هۆشیارکردنەوە لە مەترسی و رەفتاری سەلامەت.
- زیاتر لە 230 کارمەندی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و بزوتنەوەی مانگی سوور/خاچی سوور لە بواری مەترسیەکانی پیسبوون بە چەک و تەقەمەنی راهێنانیان پێکرا.



Layla Merzah/ICRC

# کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق، هاوبەشێکی بەهێز

لە ساڵی 2023 دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوام بوو لە هاوکاری و پشتگیریکردنی هاوبەشی سەرەکی خۆی لە وڵاتدا، کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی، بۆ پێشکەشکردنی بەدەمەوەچوونی مرۆیی بەرزەفت و نەواژە و کاریگەر کە چارەسەری پێویستیە سەرەکیەکانی عێراق دەکات. هەروەها هەوڵیدا بۆ زیادکردنی هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشەکانی دیکەی بزوتنەوە، لەوانەش بۆ ئامادەکاری بۆ فریاگوزاری و بۆ بەهێزکردنی بەدەمەوەچوونە بەرنامەییەکان، بەتایبەتی سەبارەت بە دابینکردنی پارەی نەختینە و کەمکردنەوەی مەترسی کارەسات و گونجاندن لەگەڵ و کەمکردنەوەی کاریگەری گۆڕان لە کەشوهەوا. لە کۆتاییدا، پەرەپێدانی کۆمەڵگەی نیشتیمانی پێشخست، لەوانەش بۆ بەهێزکردنی توانستی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی بۆ پێشکەشکردنی بەدەمەوەچوونی مرۆیی بەرزەفت، بە شێوەیەکی کاریگەر و سەلامەت؛ هەروەها بۆ پتەوکردنی بەردەوامیدان بە توانستە سەرەکیەکانی.

### هاوبەشیکردن بۆ کردەی مرۆیی

- لە ساڵی 2023 دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور رێککەوتنی چوارچێوەی هاوبەشی (2023-2025) لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی نوێکردەوە.
- بە هاوبەشی بەشداری لە بۆنە ستراتیژیە جیاوازەکاندا کرد، لەوانەش کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەسەر پارێزگاریکردنی منداڵان لە ناکۆکی چەکداریدا.

### خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی، ئاو و نیشتەجێبوون

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری کۆمەڵەی مانگی سووری عیراقی کرد لە دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی لە رێی 5 کلینیکی گەڕۆک، کە بە گشتی 45,120 راوێژکاری پێشکەش کرد لە ساڵی 2023 دا؛ هەروەها چالاکیەکانی پێشخستنی تەندروستی لە 9 پارێزگادا، لەوانەش بە ئامانجگرتنی بڵاوبوونەوەی تای خوێنبەربوونی قەرەم – کۆنگۆ.
- دوو یەکەی نوێی پاکژکردنەوەی ئاو کە بە وزەی خۆر و سیستەمی دەڵاندن کاردەکەن دانران، کە ئاوی خواردنەوە بۆ 3,000 دانیشتوانی پارێزگاکانی دیوانیە و بابل دابین دەکات.
- دوو گوندی دیکەش سوودمەندبوون لە پرۆژەی دابینکردنی ئاو کە بە وزەی خۆر کاردەکەن، لە پارێزگاکانی دیوانیە و موسەنا، کە ئەمەش وایکرد 10,000 دانیشتوان سوودمەندبن.

### پشتگیری ژێرخان

- هەروەها کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی کرد لە نۆژەنکردنەوەی 4 قوتابخانە لە پارێزگاکانی میسان و کەربەلا.

### بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری

- بەدەمەوەچوونی هاوبەش و هەماهەنگ بۆ تای خوێنبەربوونی قەرەم – کۆنگۆ لە پارێزگاکانی زیقار و بابل لەگەڵ فەرمانگەی ڤێتێرنەری، کەبۆ ئەم مەبەستەش 60 خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی بەشداریان پێکرا.
- کۆمیتەی نێونەتەوەییی خاچی سوور پشتگیری کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی کرد لە دابینکردنی کەلوپەلی سەرەکی ناوماڵ و کۆمەکی پارەی نەختینە بۆ خۆراک بەمەبەستی پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ 5,500 خێزان بۆئەوەی پێداویستیە هەنوکەییەکانیان دابین بکەن.

### توواناسازی

- راهێنانی سیستەمی وزەی خۆر بۆ 20 کارمەندی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی بۆ بەرزکردنەوەی شارەزاییان لە دیزاین، جێبەجێکردن، بەڕێوەبردن و چاکردنەوە (صیانەکردن)، کە دڵنیایی دەدات لە بەردەوامیدان بە یەکە پەرەپێدراوەکانی وزەی نوێبووەوە.
- هەروەها راهێنانێک لەسەر بەدەمەوەجوونی فریاگوزاری و گۆڕانی کەشوهەوا یارمەتی بەهێزکردنی توانستی 24 بەشداربووی دا (خۆبەخش و کارمەندانی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی).

# فەراهەمکردنی دەوروبەری کار

## دەستوێڕاگەیشتن و قبوڵکردن

لە ساڵی 2023 دا، کۆمیتەی نێونەتوەیی خاچی سوور بەردەوامی دا بە پەیوەندیەکان و دیالۆگی لەگەڵ هەموو لایەن و ئەکتەرەکان، بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، بەمەبەستی بەردەوامبوونی دەستوێڕاگەیشتنی بێ بەربەست بە لاوازترین دانیشتوانی عێراق. لە ساڵی پێنجەمی کارکردنیدا، ناوەندی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا بەردەوام بوو لە کارکردن وەک یەکەمین هێڵی پەیوەندی بۆ کەسانی سوودمەند لە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراقدا. لەرێی ناوەندی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگاوە، هاوڵاتیانی زیانلێکەوتوو توانیویانە پرسیارەکانیان، داواکاریەکانیان یان سکاڵاکانیان بخەنەڕوو. هەروەها ناوەندی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگا توانی زانیاری دەربارەی چالاکیەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و پێودانگەکانی شایستەیی وەرگرتن لەبەرنامەکانماندا بگەیەنێت و بەدواداچوون بۆ حاڵەتە تاکەکەسیە تایبەتەکان بکات.

## پەیوەندی کردن و دیالۆگ

- گەیشتن و پەیوەندیکردن لەرێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بە زیاتر لە 360,000 هەوادار و بەشداربوو لە پلاتفۆرما سەرەکیەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور.
- زیاتر لە 50 کۆبوونەوە لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ دەسەڵاتە سەربازیەکان یان ئەمنیەکان.

## سەرنج و بۆچوونی کۆمەڵگا

- زیاتر لە 24,100 پەیوەندی وەرگیراوە – ئەمەش پرسیارەکان لەلایەن خێزانانی کەسانی بێ سەروشوێن و دەستبەسەرکراو دەگرێتەوە، هەروەها داواکاریەکان بۆ وەرگرتن لە نێو بەرنامەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و سکاڵاکان دژی پێودانگی هەڵبژاردن.
- نزیکەی 17,460 پرسیار و داواکاری کە لە کەسانی زیانلێکەوتوو وەرگیران، پرۆسەکران و چارەسەرکران.

## کارکردن بە هاوبەشی

لە ماوەی ساڵی 2023 دا، نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوامبوو لە پەرەپێدان و بەهێزکردنی هاوبەشیکردن لەناو و لە دەرەوەی بزوتنەوەکانی مانگی سوور/خاچی سوور بۆ پشتگیریکردن لە کردە لەپێشینەکانی، بەسوود وەرگرتن لەسەر بوونی درێژخایەنی لە عێراقدا. بەردەوام بوو لە پەیوەندی کردن لەمیانی کۆڕبەندەکانی هەماهەنگی لە ئاستە جیاوازەکاندا، بۆ دڵنیابوون لە هاوئاوازی و یەکانگیری کردە مرۆییەکانی لەگەڵ ئەوانەی لایەنەکانی دیکە. هەروەها هەوڵیدا دەرفەتەکان دەستنیشان بکات بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و پەرەپێدانی هاوکاریە نوێیەکانی کارکردن بە مەبەستی کاریگەری مرۆیی بەردەوام لەسەر دانیشتوانە زیانلێکەوتوەکان. ئەمەش پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵێک لایەنی بەرفراوان لەخۆدەگرێت، چ دوولایەنە یان فرەلایەنە، هەروەها لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمیەکان.

## خەڵک و پرۆسەکان

سەرەڕای ژینگەیەکی ئاڵۆز لە ساڵی 2023 دا، کە کەمبوونەوەی دامەزراوە ئۆپەراسیۆنەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراقدا بەخۆیەوە بینی، نێردە پابەندبوونی خۆی بە پێشخستنی ژینگەیەکی کارکردنی گشتگیر و هەمەچەشن و ئەرێنی بەردەوام نیشاندا. وزەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ جێبەجێ کردنی پلانی پشتگیری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کارمەندانەی کە کەوتنە ژێر کاریگەری گۆڕانکاریە ئۆپەراسیۆنەکان و کەمکردنەوەی کارمەندان. ئەمەش بریتی بوو لە دابینکردنی رێنوێنی سەبارەت بە ئامادەکاریەکان بۆ پێشکەشکردن بۆ هەلی کاری دەرەکی و ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکانی کار، راهێنانی کارامەیی پیشەیی و تەکنیکی. نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پابەندە بە هاندانی شێوازی داهێنەرانەی کارکردن، چ لە ناوخۆییدا و یان بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لە هەمان کاتدا دەستنیشانکردنی باشترین کردەکان و وانە فێربووەکان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بۆ بەرزکردنەوەی هەماهەنگی لە نێوان بەشە جوداکاندا و بەهێزکردنی یەکانگیرکردنی بەرنامەکان بۆ دانیشتوانی بەئامانج گیراو، هەروەها بۆ باشتر بەشداریکردن و پەیوەندیکردن لە دەرەوە و ناوەوەی بزوتنەوەکانی مانگی سوور/خاچی سوور.



Mike Khalaf/ICRC



Mike Khalaf/ICRC

# بەرەو ساڵی 2024

لە ساڵی 2024 دا، کارە لەپێشینەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بریتی دەبن لە:

- سەردانی دەستبەسەرکراوان و دابینکردنی هاوکاری تەکنیکی و راوێژ بۆ دەسەڵاتداران بۆ باشترکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستبەسەرکراوان و بارودۆخی ژیان لە هەموو قۆناغەکانی دەستبەسەرکردندا، ئەمەش لەرێی روبەڕوبوونەوەی کێشە سیستەمیەکان وەک دەستوێڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی دیکە، پەیوەندیی خێزانی و ئاگادراکردنی خێزان لە جێوشوێن و چارەنووسی کەسوکارە دەستبەسەرکراوەکانیان.
- پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی هەوڵەکانی دەسەڵاتداران بۆ رێگریکردن لە بێ سەروشوێن بوون و دڵنیابوون لە چارەنوسی ئەو کەسانەی بێ سەروشوێن بوون لەمیانی ناکۆکیەکان و دۆخەکانی دیکە لە عێراق و ناوچە فراوانەکانی دەوروبەر؛ بەردەوامی پێدان بە بەدەمەوچونێکی فرەپسپۆڕی بۆ پێویستیە داراییەکان، دەروونی کۆمەڵایەتی و پێویستیەکانی دیکە بۆ خێزانانی کەسانی بێسەروشوێن و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی کاربکەن بەرەو خۆدابینکردن.
- پشتگیریکردنی دەسەڵاتداران و ئەوانی دیکە لە پەرەپێدانی ئامادەکاری و بەدەمەوەجوونی فریاگوزاری نیشتیمانی لەرێی بەرزکردنەوەی هەماهەنگی و توانستی ناوخۆ بۆ بەڕێوەبردنی باری قوربانی لێکەوتنی بەکۆمەڵ؛ بەشدارییپێکردنی دەسەڵاتداران، چەک هەڵگران و ئەوانی دیکە لە گفتوگۆ لەسەر دڵنیابوون لە پارێزگاریکردن بۆ کەسانی زیانلێکەوتووی توندوتیژی و دەستوێڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان، بەگوێرەی یاسای کارپێکراو.
- فراوانکردنی دەستوێڕاگەیشتنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە خزمەتگوزاریە کوالێتی باشەکانی بوژاندنەوە و پرۆژەکانی یەکگیرکردنەوە لە گەڵ کۆمەڵگادا؛ پشتگیری لە هەوڵەکان بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی کەرتەکە؛ بەهێزکردنی خۆڕاگری خەڵک لە بەرامبەر کاریگەریەکانی توندوتیژی، لەوانەش مەترسیەکانی پیسبوون بە چەک و تەقەمەنی و قەیرانی کەشوهەوا.
- بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی و بەهێزکردنی تواناستە رێکخراوەیی و ئۆپەراسیۆنەکانی، بە تایبەتی لە ئامادەکاری بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە کەشوهەوا و فریاگوزاریەکانی دیکە؛ هەرکاتێکیش بگونجێت، لەگەڵ هاوبەشەکانی بزوتنەوە و ئەوانی دیکە کار بکەین بۆ دڵنیابوون لە بەدەمەوەچوونی هەماهەنگ بۆ پێویستیە مرۆییەکان.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە سەرانسەری جیهاندا یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە دەکەونە ژێر کاریگەری ناکۆکی چەکداری و جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی و هەموو شتێك لە توانایدا دەکات بۆ پارێزگاری کردنی کەرامەتیان و کەم کردنەوەی ئازارەکانیان، زۆربەی کاتیش بە هاوبەشی کۆمەڵە نیشتمانیەکانی خاچی سوور و مانگی سوور. هەروەها رێکخراوەکە هەوڵ دەدات بەرلە ئازار ومەینەتی بگرێت لە ڕێی برەوپێدان و پتەوکردنی یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی و بەرگری لە پرەنسیپە مرۆییە جیهانیەکان


facebook.com/icrc
twitter.com/icrc
instagram.com/icrc

**کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراق**

سندوقی پۆستە 3317 نوسینگەی پۆستەی (العلویە)
بەغداد - عێراق
تەلەفۆن 4614/5 196 780 964+
bagdad@icrc.org
www.icrc.org/iq


© کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور - نیسان 2024.

ICRC

2024.2275/264 04.2024 50 Mike Khalaf/ICRC :وێنەی بەرگ